## هاورێیانی حەمیدی تەقوایی باشترە  لە کەولی خۆتان بینە دەرێ

ئـەمرۆ ئیمـەیلیکی (سمـیر نـوری )م  پـێ گەیشـت کـە بانگـەوازیك هاوپیچـی بـوو ، بانگەوازەکـە بانگەوازیکـە هاورێکانی ئاغای حمیدی تەقوای بو کادرەکانی ناو حککع نوسیویانە .

بەلام ئـەو بەریزانـە لە پەلە پـەلی و شلەژاوی دا لـە جیـاتی نـاوی خویـان نـاوی حککـع لی داوە ، بـەجیا لـەوە نازانم زەرورەتی ناردنی ئەو بانگـەوازە بـۆ مـن لـە کوێدایە، ئـەو بەریزانـە ئاگـادارن  کـە مـن نزیکـەی سـال ونیویکـە ریزەکـانی کومـۆنیزمی کریکـاریم جیهیشـتووە، رەخنـەم لـەو بزووتنەوەیـە هەیـە، بـەو ئەنجامـە گەیشتووم کە ئەو رەتـە کۆتـایی هـاتووە ، لەمبارەیـەوەش نووسـراوەم هەیـەو مـانگی چـەند جـاریکیش لەگـەل خـودی سمـیر قسـەوباس دەکـەین.دیـارە سمـیر ئەرکێـتی واجـبی شـەرعی خـۆی جێـبەجێ بکـات، بـە ئاگـادار کردنەوەی ئەوانەی لەرێ لایان داوە.کاری بەوە نی یە چەند گوێ ی لی دەگرن.

سمـیر و هاوریکـانی وەعـدەو بـەلینی زۆریـان تەخشـان و پەخشـان کـرد. ووتیـان ئیمـە میراتگـری کۆمـۆنیزمی کریکـارین ، هیـزی ئەسـلی دەرکـردنی کۆمـەلگای عیراقـین لـە زەلکـاوی سـیناریوی رەش ،پرۆژەمـان هەیـە بـۆ ئەم کارە لە **هەمووی گرنگتر هـەر ئیستاو بەتەئکیـد سوشـیالیزم لـە عـیراق  دادەمـەزرینین** ، ئیمـە زۆریك بووین ووتمان  نا بابـە وانییـە،  گالتـەمان دەهـات بـەم بەلینانـە ، بـەلام سـەرەرای ئـەوە  ووتمـان لـە کەلی شەیتان وەرنە خـوارێ ولەکـەولی خۆتـان وەرنـە دەری و دنیـا ببیـنن ، شۆرشـی بەهمـەنی ئـیران زەمـەنیکی زۆرە بەسەر چـووە و بـە عەقلیەتـەی ئـەو کاتـە بـیر مەکەنـەوە ، ئـەو جـۆرە لـە بیرکردنـەوەی ئاغـای حمیـدی تـەقوایی هەیـەتی و ئیـوە دوای کـەوتوون ،بـە دیهینـانی سوشـیالیزم ئـەکات بـە ( ئـەم نانـە بـەو رۆنـە). گویتـان لی نـەگرتین . کەواتـە بـابزانین سـالیك کـە زەمـەنیکی زۆرە بـۆ تـاقی کردنـەوە بـە تاییـەت لـە جەرگەی قۆناغیکی هەستیاری وەك کۆمـەلگای عـیراق چـیتان کـردوە بـە چـی؟ لـە وانەیـە بلـین سـالیك کەمـەو حیزبەکەی ئیمەش حیزبۆکەیە و ساوایە ، باشـە بـا بەشـە عـەرەبی زمانەکـەی عـیراق خـاتری ئیـوە بیـت ، کـە حەتمەن دەلـین لـە ئـەزاعی سـیناریوی رەشـدا فرسـەت بـۆ کۆمـۆنیزم لـە بـار نی یـە ، خـۆ کوردسـتان هـەل و مـەرجیکی تـری هەیـە، لـە مـاوەی ئـەم سـالەی رابـوورد ، کـەلینی نیـوان خـەلك و بزووتنـەوەی کوردایـەتی گـەورەتر بـوو، خـەلکی کریکـار و زەخمـەتکیش لـە زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتان هاتنـە سـەر شـەقامەکان و سـنگیان نـا بەگوللـەی چـەکەکانی پـۆلیس و پیشـمەرگەی کوردسـتانەوە ، داوای باشـکردنی ژیـان و گـوزەران و کۆتاییهێـنانی گەنـدەلیان کـرد  ،خۆئەمانـە بابـەتی کـاری کۆمۆنیسـتەکانە،بێ زەحمـەت ئیـوە لـە کوێـی ئـەم بزووتنەوانە قەرارتان گرت؟ تکایە مەلێن بەیانامەمان هەیە،ووجودی فیعلیتان چی بووە؟

راسـتی یەکـەی ئیـوە میراتگـری وەهـم و خـەیالن ، میراتگـری کارنـەکردن و تەماشـاکاری روداوەکـان،میراتگری وشـەی گـەورەو دانیشـتنی دەسـتەو ئـەژنۆن. ئەگـەر وانیـە خـۆ هـەموو رۆژیـك کۆمـەلگا باوەشـی بـۆ ئینسـانە

خـەباتكارەكانی ریگـای بـەدیهینانی كۆمەلگایـەكی ئـازاد و یەكسـان كردۆتـەوە.بزووتنـەوەی داخوازیـەكانی كریكـاران و زەحمەتكیشـان لەمەیداندایـە ، بـۆ ناچـن لـەناو ئـەو هیـزوو بزووتنەوانـەدا هەلسـوراو رابـەربن.بانگـەوازكردنی ئیـوە بـو ئەنـدامانی حككـع لەكوێـی هاوكیشـەی بـەهیزكردنی بـەرەی كریكـارو زەحمـەتكیش مانـا پەیـدا دەكـات.گریمـان بـەو بانگـەوازە 10-12 ئەنـدام ریزەكـانی ئـەو حیزبـەیان جیهێشـت. لەسـەدا چـەندی توانـای هیـزی سۆشیالیسـتی ئـەو كۆمەلگایـە لـە بەرامبـەر ئـەمریكاو بـۆرژوازی محلی دا دەباتە سەر؟ لە كاتیكـدا ئیـوە لـەو پـەری دنیـاوە لـەریگای ئەنتـەرنیت و ووتارەكانتانـەوە بـاس لـە كۆمەلگای عـیراق دەكـەن ، تەنانـەت توانـای بـەریوەبردنی شـانەیەكی حیزبیتـان نی یـە لـە نـاوخۆی عـیراق، ئەگـەر ئەنـدام و لایەنگریكیشـتان هـەبیت بـە نامەسـئولیەت دەیانخەنـە بـەر كەلبـەی هـاری هیـزە رەشـەو تیرۆریستەكان. نموونـەی ئـەو دوو ئەندامـەی لـەم دوایـی یـە رفینـران .كـە ئیـوە هـەر بۆئـەوەی بلیـّن هـەین ، بـەبیّ فەراهـەم كـردنی لایـەنی ئـەمنی و سـەلامەتی گیانیـان بـەو دەردەتـان بـردن. لـە كاتیّـكدا سـەفیری وولاتان بە كۆلیك حیمایەو وەسیلەی پاریزگاری یەوە لە وولاتە دەرفینرین و تیرۆر دەكرین.

ئـەمرۆ هیزیـك خـۆی بـە هیـزی رزگاركـەری عـیراق بزانیـت . بـەر لەهـەر شـتیك دەبیـت لـەناو خـەلكی ئـەو وولاتـە بیت ، چـاو ببریتـە ئـەو چـەندین ملیۆنـە لـە هیـزی خـەلكی عـیراق كـە خوازیـاری ئـالوگۆرن.ئیـوەش نـاتوانن ئـەم كـارە بكـەن چـونكە مەحفـەلن هەیشـە چـاوتان لـە مەحفـەلی چـەپە لـە كۆمەلگادا،كۆمـەلگا دەسپیرن بە بۆرژوازی .

لـە كۆتـای دا نـاخوازم بلـیم سـەركەوتووبن ، چـونكە لام روونـە خـەو و خەیالـەكانتان لـە بـەهاری رووبـەروو بوونەوەی چینایەتیانەی كۆمەلگادا هەلئەوەریت.

**سامان سعید**

31ی دیسامبری 2005